# پەیامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی ٢٦ ڕێبەندان، ڕۆژی کۆمەڵە

کرێکاران و زەحمەتکێشان، خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

ئەمڕۆ بیست و سێ ساڵ لە خەباتی ئاشکرا و، سەرجەم سی‌ودوساڵ لە تەمەنی پڕ لە تێکۆشانی کۆمەڵە تێپەڕ دەبێ و ئێستا کە ڕێز لەم ڕۆژە دەگرین، هەموو ناوچەکە و بە تایبەتی ئێران و کوردستان بە دوو هۆی ناوخۆیی و دەرەکی لە گۆڕانگاریدان.

کۆماری ئیسلامی زیاتر لە بیست ساڵە هەموو کوشت و بڕێکی بەڕێوە برد و ئێرانی کردە گۆمی خوێن و کردیە زیندانێکی گەورە، سەرەڕای ئەوە کە بە هەموو هێزی خۆی هیرشی دڕندانەی کردە سەر کوردستان، هەموو زیندانەکانی ئێرانی لە تێکۆشەرانی سیاسی و هەڵسوراوانی کریکاری ئاخنی، سەدان تێکۆشەری سیاسی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران تیرۆر کرد، سەرەڕای ئەوە کە لە بواری ئابووریەوە هەموو داهات و ئابووری ئێرانی هێنایە ژێر چنگی تاقمی مافیایی هەزار سەری قودرەت، بەڵام بە هەموو ئەوانەشەوە نەیتوانی ئاڵترناتیوی ئیسلامی سیاسی، وەك مودێلێكی قودرەت و دەوڵەتداری سەقامگیر بکات. ئەمرۆ بێکاربوونی چوار میلیون کەس، موعتاد بوونی زیاتر لە پێنج میلیون ئێرانی، داڕمانی ئابووری و داخستنی سەدان کارخانەی گەورە و کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان لە سەدان کارگا و کارخانەی‌تر و، هاتنە خوارەوە و بێبایەخ بوونی نرخی تمەن و هەروەتر هەژاری و نەدارییەك کە باڵی بە سەر هەموو ئێراندا کێشاوە و، ئەو ڕاستیە کە زیاتر لە نیوەی کۆمەڵ لە ژێر خەتی فەقیری و نەداریدا بەسەر دەبەن، هەموو ئەوانە نەگونجاوی، بێلیاقەتی و گەندەڵی ئەم مودێلە لە دەسەڵات، بە باشی دەردەخەن.

توندبوونەوەی ناکۆکی باڵەکانی ناو دەسەڵات و سەرهەڵدانی رەوتی بە ناو ئیسلاح خوازی ناو رژیمیش، لەم چەند ساڵەی دواییدا، دیاردەیەکی‌ترە بۆ شکست و بن بەستی بنەماکانی کۆماری ئیسلامی، چونکوو پەرەگرتنی خەبات و ئیعتیرازی جەماوەری و چەندین ڕاپەڕینی خۆرسك لە شارە گەورەکانی ئێران بوو بە هۆی ئەوە کە تەنانەت کەسانێك لە ناوخۆشیاندا و لە رادەی تئۆریسیەن و بیرمەندانی کۆماری ئیسلامی، دوای ماوەیەك بەوە بگەیەنێ کە ئەم قانوون و نیزامە ئاوا ناچێتە سەر و بەرەبەرە تەردید و دوودڵیان تێکەوت و حەولیان دا کە ڕێگایەك بدۆزنەوە بۆ نەجاتی ئەم رژیمە و بەڵکوو بتوانن هێندێك ئیسلاح لە چوارچێوەی قانوونەکانی ئیسلام دا بەڕیوە بەرن تا عومری جمهووری ئیسلامی پێ درێژ کەنەوە.

هەرچەند لە سەرتاوە ئەم رەوتەی ناو دەسەڵات تا رادەیەك بوو بە هۆی خۆش باوەڕی خەڵك، بەڵام ئێستا بۆ هەمووان ڕۆشن بووەتەوە کە نە لە باری سیاسی و نە لە باری فەرهەنگی و ئابووریەوە ئەم رەوتە ناتوانێ لە چوارچێوەی قانوونەکانی ئیسلامی سیاسیدا گۆڕانێك پێك بێنێ و دەبینین ئەمرۆ

تەنانەت ئیسلاح خوازانی ناو دەسەلات، خۆشیان کەوتوونەتە بەر شالاوی پاوانخوازان و، سەرەڕای پاشەکشە و پاشگەز بوونەوەیان لە زۆر دروشم، هێشتاش باڵی راست لێیان رازی نییە و، هەرچەندە کە مەودای دەسەلاتیان زۆر لێ بەرتەسک کردونەتەوە، بەلام بەوەش نەوەستاون و، دەیانەوێ بە تەواوی بۆسۆ و بەدناویان بکەن. ئەوەش بەشێکە لە تەسمیمی گشتی باڵی زاڵی ناو کۆماری ئیسلامی بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی سەرکوت و توندوتیژی و تێکدانی ئەم کەش و هەوا سیاسیەی لە ناو خەڵکی ئێراندا لە ئارادایە.

لە لایەکی‌ترەوە رووناکبیران و جەماوەری وەگیان هاتوو و وەخەبەر هاتووی ئێرانن، کە لەم چەند ساڵەدا بە خەبات و ئێعتیرازی خۆیان توانیان درز بدەن بە شەوەزەنگی ئێستبداد و، فەزایەکیان لە ئێراندا خولقاندووە کە سەرەڕای توند بوونەوەی هێرشی پاوانخوازان بۆ جەماوەری خوازیاری ئازادی و چاکسازی، مومکین نییە ئەم ئاگری ئارەزوو وهیوا و ویستە بکوژێتەوە، بە پێچەوانە بەرەو رادیکاڵ بوونەوە و سوور بوون لەمەڕ وەدسەت هێنانی مافەکانی، بەرەوپێش دەڕوات. هەر ئەم راستییەشە کە هەموو باڵەکانی ناو دەسەلاتی توقاندووە، باڵی خاتەمی لە ترسی ئەم رەوتە رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر لە دروشمە بێ‌رەنگەکانی دەکشێتەوە تا بتوانێ رێگای سازان لەگەڵ باڵی بەرانبەری خۆش کات و پاوانخوازانیش زۆرتر لەسەر توندوتیژی و سەرکوت پێ‌دادەگرن و ئەوە بە تەنیا رێگای نەجاتیان دەزانن.

لە بواری دەرەکی و نێونەتەوەییشەوە، کۆماری ئیسلامی بەختی کوێر بۆتەوە و بە گشتی بزووتنەوەی کۆنەپەرستانەی ئیسلامی سیاسی لە هەموو ناوچەکە تەریك کەوتۆتەوە و زۆرتر روی کردووەتە تیرۆر و تۆقاندن و توندوتیژی. ئەم هەڵوێستەش نەك بە هۆی هێز گرتنی زۆرتری ئەم رەوتە، بەڵکوو دەقاودەق بە دەلیلی ناهومیدییەکە کە ئیسلامی سیاسی لە ئێران و ئەفغانستان لە ئێدارە و دەسەلاتداریدا لە ماوەی ئەم دوو دەیەدا تووشی هاتووە و رەنگدانەوەی ئەم شکستەش لە سەر رەوتی کۆنەپەرەستی ئیسلامی ناوچەکە، بێ‌هیواییە بە وەدەست هێنانی جارێکیتری دەسەلات لە شوێنێکی تر یان بە زمانێکیتر ئەوان وەك مودێلێکی دەوڵەتداری و قودرەت، لێکەوتوون و خۆیان بە دوڕاو دەزانن و هەڵسوکەوت و هەستی دوڕاوێکیان هەیە.

ئەگەر لە دەورەیەکدا دەسەلاتدارانی سەرمایە و زلهێزەکان، لە بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی بە هۆی پێگەی جەماوەرییەك کە بوویان، کەڵکیان وەردەگرت بۆ کز کردنی رەوتی رادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە، ئێستا نەك هەر ئەم بزووتنەوە کۆنەپەرستانەیە پێگەی خۆی بە زۆری لە دەست داوە و ناتوانێ جەماوەر لە دەوری خۆی بە فراوانی کۆکاتەوە، بەڵکوو بە هۆی وەزعێکی واقیعی کە تووشی بووە، کەوتووتە بەربەرەکانێ و ناکۆکی لەگەڵ رەوتی سەرمایە و بازاڕی ئازاد و بەم جۆرە ناکۆکی بەرژەوەندیان لەگەڵ نیازەکانی سەرمایە پەرەی ساندووە.

هەموو ئەم ڕاستیانە، نیشاندەری ئەوەن کە هەم هۆکاری ناوخۆیی و هەم هۆکاری دەرەکی بۆ ئاڵو گۆڕ لە جمهووری ئیسلامیدا، وەك لانکی ئەم بزووتنەوە کۆنەپەرەستانەیە، بەهێزە و کۆماری ئیسلامی ئیتر مودێلێکی شکست خواردووە و بە ئاغای خاتەمیش نەجاتی نەبووە و نایبێ و ئەرکی ئێمە و هێزە سیاسیەکانی ئێرانییە کە خۆمان بۆ ئەم ئاڵوگۆڕە ئامادە کەین و کار بکەینە سەر ڕەوتی گوڕانگاری نەك بە تەمای دەستی بێگانە و غەیبی بین بۆ گۆران.

لە کوردستان گۆڕانکاریەکان پێوەندی زۆرتری بە ئێمەوە هەیە. هەموو ئەم ڕاستیانەی وا لە سەرەوە سەبارەت بە ئێران باسیان لێکرا، بگرە زۆرتریش لە کوردستاندا دەور دەگێڕن، هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە، خەڵکی کورد بە هۆی خواست و مەوقعییەتی عەینی کۆمەڵایەتییەکەی، دژ بەم ڕژیمە ڕاوەستا و، جمهوری ئیسلامی هەرچەند توانی کوردستان داگیر و میلیتاریزە بکات، بەڵام قەت نەیتوانی جێگا و شوێنێکی کۆمەڵایەتی لە ناو ئەو خەڵکە بۆخۆی دەستەبەر بکات. هێزە سیاسیەکانی کوردستان خۆشەویستن و بنکە و پێگەی خۆیان لە ناو جەماوەردا هەیە و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانیش، نەك هەر لە بیر نەچوونەتەوە، بە پێچەوانە ئێستا خەڵکی کورد سوورتر و بە هیواترە بۆ وەدسەت هێنانی مافەکانی و بۆ وەدی هێنانی ڕزگاری نەتەوەیی.

ئەم شەپۆلی پێداچوونەوە و نوێخوازییەش کە لە هەموو ئێران هاتووەتە کایەوە، لە کوردستانیش پەرەی گرتووە و بە هەڵکەوت نییە کە ڕەوتێکی ڕۆشن بیری و هونەری بەهێز لە کوردستانی ئێراندا لە ئارادایە، کە توانیویەتی سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ و لە بواری سیاسی و ڕووناك بیری‌دا چەند هەنگاو بەرەوپێش بنێ.

هاوڕییان و دڵسۆزانی کۆمەڵە! ئێمە وەك کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکیشان کە زیاتر لە بیست ساڵە تێکەڵاوی خەباتێکی جەماوەرین و کەوتووینەتە بەڕێوەبەرایەتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، لەم هەل و مەرجەدا دەبێ ئەرکەکانمان بە وردی دیاری بکەین و هەست بە بەرپرسایەتی خۆمان بە باشی بناسین.

ڕەوتی ساغ کردنەوەی کۆمەڵە و هاتنەدەری لە حیزبی کۆمۆنیست و جێگیر بوونی بەرینی لە ناو جەماوەردا لەم ماوەیەدا، هەر ناگەڕێتەوە بۆ ئێقدامی بوێرانەی هاوڕێیانی سازدەری کونفەرانسی ساغ کردنەوەی کۆمەڵە و هەر بە تەنیا نەتیجەی زەحمەت و تێکۆشانی چالاکانەی هاوڕێیانی ڕێکخستنی ناوەوەش نییە، بەڵکوو بە هۆی ویست و نیازی بەرینی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، ڕوناکبیران، ژنان و هەموو پێشکەوتنخوازانی کوردستانە کە کۆمەڵە توانی لە ماوەیەکی کورت دا لەسەر بنچی خۆی ئاوا بەهێز بڕوێتەوە، ببوژێتەوە و باڵا بکات. ئێمە هەروەك لە کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵەدا ڕامانگەیاندووە، کۆمەڵە حیزبی سۆسیالیستی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانە کە ئاڵاهەڵگری ڕزگاری نەتەوەیی و خەباتگێری شێلگیری وەدەست هێنانی مافەکانی گەلی کورد دەبێ و بۆ لابردنی هەر چەشنە ستەم و چەوسانەوەیەك تێدەکۆشێ.

لەم هەل ومەرجەی ئێستادا کە کوردستانیش، هەم بە هۆی دۆخی سیاسی ئێران و هەم بە هۆی هەڵکەوتەی سیاسی و گشتییەکەی لە ناوچەکەدا، دەکەوێتە ناو رەوتی گۆڕانکارییەوە و، ئێمە ئەرکی تایبەتیمان دەخرێتە سەرشان. بۆ باشتر بەڕیوە بردنی ئەرکەکانمان دەبێ هەموو حەولی خۆمان بدەین کە پێوەندی نیوان هەموو بزووتنەوەی کوردی لە هەموو پارچەکانی کوردستان لە سەر بنەمای هاوچارەنووسی خەڵکی زۆرلێکراوی کوردستان دابمەزرێ و بزووتنەوەی گەلی کورد لە هەر پارچەیەکی لە لایەن هەمووانەوە پشتگیری لێبکرێ و کەس بوّی نەبێ کە گیروگرفت بۆ لایەنێك دروست بکات و لە ناو حیزبە کوردیەکانیشدا ئەسڵی هاوئاهەنگی و رابیتەی دێموکراتیك لە نێوانیاندا بسەلمێندرێ. ئێمە وەك کۆمەڵە، دۆستایەتی خۆمان لەگەڵ هەموو هێزی سیاسی و بزوتنەوەی بەشەکانی‌تری کوردستان پەرە پێدەدەین و لە ناو بزووتنەوەکەشدا پاڵپشت و هاندەری لایەنی پێشکەوتنخوازی و دێموکرات و ئازادیخواز دەبین.

لە ناو کوردستانی ئێرانیشدا بروامان ئەوەیە کە بە تایبەت لەم هەلومەرجەدا دەبێ هەموو وزە و توانی خەڵکی کوردستان دژ بە دوڵپای جمهووری ئیسلامی یەکانگیر بکرێ و ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکە سەرەرای جیاوازی بیروباوەڕ و رێبازی سیاسی، خاڵە هاوبەشەکانمان لەسەر مافی رزگاری و نەتەوەیی و دێموکراسی لە کوردستاندا بکەین بە گەلاڵەیەك دژ بە جمهووری ئیسلامی، بۆ ناساندن و تەرحی مەسەلەی کوردی ئێران لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵێکی نێو نەتەوەیی و بۆ دواڕۆژی پێوەندی هێزە سیاسیەکان لە کوردستان و چۆنیەتی بنەماکانی دێموکراتیك لە کوردستانێکی ئازاددا. هەروەتر ئێمە لامان وایە کە زۆرێك لە تێکۆشەرانی کوردی ئێران کە پەڕیوەی هەندەران بوون پێشینە و ئەزموونێکی خەباتکارانەیان لە بزوتنەوەی کوردستاندا هەیە و دەبێ بتوانن و مەودایان هەبێ کە لە شوێنی خۆیان بۆ گەشەی خەباتی گەلی کورد دەور بگێڕن. بۆ ئەو مەبەستە ئێمە پیشنیار دەکەین: کوردەکانی ئێران لە دەرەوەی وڵات بە بێ لە بەرچاو گرتنی جیاوازی حیزبی و بیرورا یان، تەنانەت ئەو کەسانەش کە پێوەندیان لەگەڵ حیزبەکان نییە، لەسەر بنەمایەکی دێموکراتیك و بە بێ بەرچاوتەنگی ڕێکخراوەیی، بۆ دیفاع لە مافەکانی گەلی کورد و ناساندنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە بیرورای گشتی جیهانی، رێکخراو و کۆمەڵێکی تایبەت بە خۆیان پێك بێنن و ببنە یەکێك لە باڵەکانی نوینەرایەتی بزووتنەوەی کوردستان و هەروەتر حەول بدەن کە پیوەندی خەڵك و دنیای پێشکەوتوو لەگەڵ خەڵکی کوردستان بەهێزو زیندوو رابگرن و پتەوتری بکەن.

لە ناوەوەی کوردستان هەموو حەولی خۆمان دەخەینە گەڕ بۆ سازدان و رێکخستنی رێکخراوە پیشەییەکان لە ناو کرێکاران، موعەلمین، خوێندکاران، نووسەران و رووناکبیران، ژنان و هەموو بەشەکانیتری کۆمەڵگا و لەم بوارانەدا بڕیارنامەکانی کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵە رێخۆشکەر و رێنمامانن. ئیمە بروامان بەوەیە کە لە ئیدارەی دواڕۆژی کوردستاندا بەشداری رێکخراوە مەدەنی و جەماوەریەکان بۆ شکڵ پێدان بە دێموکراسی و پاراستنی و، بۆ سەقامگیر کردنی حکوومەتی فیدراڵ دەورێکی

گرینگیان دەبێ و دەبێ ئەم مافەیان بۆ بسەلمێندرێ. ئەوەش کارێکە دەبێ لە ئێستاوە بۆی لە حەولدابین.

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان پێویستە پێوەندیەکی پتەوی لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و دێموکراتیك و بزووتنەوەی کرێکاری گەلانی ئێران هەبێ و لەم بوارەدا، کۆمەڵە لەگەڵ هەموو هێزە چەپ و سوسیالیست و پێشکەوتنخوازەکانی ئێرانی دۆستایەتی و هاوخەباتی خوی پەرە پێدەدات و تێدەکۆشی هاوئاهەنگی و هاوکاریان لەگەڵ بکات لە پێناو بە هێز کردنی بزووتنەوەی رادیکاڵ و جەماوەری لە سەراسەری ئێراندا و هەروەتر پشتیوانی‌یان بۆ رەوتی سوسیالیست و پێشکەوتنخواز لە کوردستان رابکێشێ.

## هاوڕێیانی رێکخستن لە ناوەوە، کادر و پێشمەرگەکان، دڵسۆزان و هاوڕێیانی دێرینی کۆمەڵە، کریکاران و خەڵکی خەباتکاری کوردستان!

ئیتر بۆ هەموومان روون و ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی لە ناو قەیرانی قووڵی سیاسی ئەم سەردەمەی بە هاسان رزگاری نابێت و خەڵکی ئێران ناگەڕێتەوە قاوغی جاران، ئێران و کوردستان لە بەردەم گۆرانکاریدان و خواستی ئاڵوگۆڕ خواستی بەرینی جەماوەرە، ئەو رۆژانەی کە کوردستان و ئێران بە بێ ئەم رژیمە دیکتاتۆریە ببینین، زۆر دوور نین و لەم قۆناغەدا بە تایبەتی لە کوردستان دەبێ بە خێرایی خۆمان بۆ ئیدارە کردن و سازدانی جەماوەر ئامادە بکەین و بە ووشیاریەوە لە ریسك و خەتەرەکان کەم کەینەوە، سەربەخۆیی خۆمان بپارێزین و بە باوەڕ بە خۆوە هەلەکان لە قازانجی خۆمان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بقۆزینەوە و بزانین کە تەنیا بە هێزی جەماوەر و حوزوری بەرین لە مەیدانەکە دایە کە دەکرێ و دەتوانین پارێزەری ئامانج و ئاواتەکانی خۆمان و خەڵکی زۆرلێکراو بین.

٢٤ ڕێبەندانی ١٣٨٠ یا ١٣ فوریەی ٢٠٠٢